The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# ناوەندی هەڵەبجەو خاچی سووری نێودەوڵەتی

لەدرێژەی هەوڵ کۆششە دبلۆماتیەکانی ناوەندی هەڵەبجە ئەمرۆ لیژنەیەک کەپێکهاتبون لەهاوڕیان ( حاجی ئەنوەر . هیواناسیح . عوسمان تازیک . ناسر ئەزەخ ) سەردانی بارەگای سەرەکی خاچی سووری نێودەوڵەتیان کرد لە شاری جنێڤ . لەلایەن بەڕێز بەرپرسی بەشی عێراق Pierre Andre Juno پێشوازیەکی گەرمیان لێکرا ، لەکۆبونەوەیەکی گەرم وگوڕدا کەماوەی 2.30 کاتژمێری خایاند . مەبەستی سەرەکی کۆبونەوەکە ناساندنی دەستگیرکردنی بەرێز دکتۆر کەمال سەیدقادر بوو لەلایەن حکومەتی سەر بە دەستەلاتداریێتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کەبەدووورو درێژی باس لەو کێشەیە کراو بەڵگەنامەی پێویست خرایە بەردەستیان . لەدرێژەی کۆبونەوەکەدا باس لە کێشە جیاجیاکانی تری نەتەوەی کورد کرا لە ئیعدامی دەستەجەمعی لە رۆژهەلاتی کوردستان و کێشەی کوردەکانی ئۆردوگای ئەڵتاش و پێداویستی وپرۆژە خزمە تگوزاریەکان لە ناوچەکانی کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجەو بادینان . کێشەی ئەو کوردانەی کە گەڕاونەتەوە بۆ ڕۆژهەلات کە تائێستاش بەشێکیان مافی ئەوەیان نیە لە دائیرە دەوڵەتیەکاندا کار بکەن . هەروەها کێشەی پەنابەرە کوردەکان .

ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالکردن وجینۆسایدی گەلی کورد ـ چاک ـ
٢٠٠٥/١١/١٦